کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 29-11-2007 0:40

**گوڵە مێخەک.. لەئاماژەیەک زیاتر هەڵدەگری ... حەمید قەلادزەیی**

هەبوونی جیاوازیگەلێکی بەرچاو لەبوارەکانی بەدەنگەوە هاتن و گرنگی پێدانەوە، ڕاڤە کردنیان بۆ ئێمەی ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی دەڤەرەکە (ڕاپەڕین) بایەخێکی ئەوتۆیان نیە، چونکە ئێمە گرفتێکمان لەو جۆرە تێگەیشتنانە نەماوەو 17 ساڵە بەئاشکرا ئاماژەکانی هەردوو دیوی ناوەو دەرەوەی ئەو جیاوازیپێکردنانە دەبینین، هەرکەسێکیش خوازیاری بینینیانەو دەیەوێت لەنزیکەوە حەقیقەتەکان بخاتە بەر شەن و کەوکردنێکی بابەتیانە باشتر وایە سەرنجەکانی هەر لەبینینی وێرانەیی و کاولکاری ئەو دیمەنانەدا چڕبکاتەوە کەڕیشەی مێژوویی زوڵم و زۆری سەر دەڤەرەکەو پەراوێز خراوی دەستەبژێرو چین و توێژەکانی بەگشتی بەجۆرێك دەبینی کەمتر لەچرکەیەکیان دەوی بوی بۆ تێگەیشتن، بێگومان پشتگوێخستنی ناوچەکە لەحەقیقەتدا لەسنوردارکردنی تێڕوانین و بۆچوونەکانەوە سەرچاوەیانگرتووە، هەر بۆیەش لەجێگەی خۆیدایە بەڕاشکاوی بگووتری ردەڤەری بیتوێن و پشدەر بەگشتی نابی لەوە زیاترو زۆرتر فەرامۆشی دوو توێی حیزبی و بیرۆکراتیەت بکرێت، دەبێت تەلسمەکانی سنوربەندکردنی هزری گەشەپێدانی باو، بەرەو پانتاییە بی سنورەکانی بەرین، دەبی ئەوە بزانین هەر شارو شارۆچکەیەك چۆن پێگەی مێژوویی هەمەچەشنی خۆی هەیە، خوازیاری ئەوەشە سود لەدەسکەوتەکانی دنیای هاوچەرخ وەربگرێت و دوانەکەوی لەڕەوتی گەشەکردن و بکاری ئاشنایەتیەکی لەنزیکەوە لەگەڵ دنیای هونەرو ڕۆشنبیریی بەگشتی و بەشداری چالاکیە جۆراو جۆرەکاندا بکات، هەروەك چۆن ئەگەر حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی لەوڵاتی ئێمەدا چاوی لەپێشخستنی کولتوری و گەشەپێدانی ڕەهەندە جیاجیاکانی پەیوەست بەژیان و سڕینەوەی ئاسەوارە کۆمەڵایەتیە بۆماوەییەکان و بەرەو پێشبردنی ژینگەی دیموکراسی و دنیای هونەر بەتایبەتی هەیە، دەبێت خوێندنەوەو تێگەیشتنی خۆی سەبارەت بەو پرسە لەدەرەوەی پارێزگاکان بگۆڕێت و ئاوڕدانەوەیەکی جدی لەوناوچانە بداتەوەو کەمتر لەدەرخستەی کایەو پێکهاتە ڕۆشنبیریی و ئامادەگیە فراواناکانی ئێرەو ئەوی سەیریان نەکات و مێژووی هونەری و ڕۆڵی بەپرشتی هونەرمەندەکانی بەهەند وەربگرێت، دیارە کردنەوەی فیستیڤاڵی گوڵەمێخەك بۆ نمایشکردنی کورتە فیلم لەڕانیەو هەروەها لەپشاندانی بەرهەمەکانیەوە بەدیدەکرێت جگەلەوەی کارێکی ناوازەو بۆیەکەمینجارە لەو دەڤەرە جێبەجێدەکرێت ئاهێکی پڕ لەشەوق و عیشقییێکی هونەری بەگیانی بەهرەمەندو هونەرمەندانی دەڤەرەکەدا بەخشیەوەو ئەوانی جارێکی تر هێنایەوە جۆش و خرۆش، لەگەڵ نرخاندنی ڕۆڵی سەنتەری ڕۆشنبیریی ئاسۆس و لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەو کارو چالاکی و نمایشە جۆراوجۆرانەی لەدووساڵی ڕابووردوودا لەسنورەکەدا ئەنجامی داون میشە ئەو کارانە کارێك بوون کەبۆیەکەمین جار بووە لەناوچەکەدا جێبەجێبکرێن، پێشڕەوایەتی سەنتەری ڕۆشنبیری ئاسۆس لەجۆشدانەوەی کاری ڕۆشنبیریی و هونەری بەگشتی بەدەر لەوەی



ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەرکێکی خۆی بەجێگەیاندووە، لەهەوڵی کۆکردنەوەو یەکدەنگی هونەرمەندو ڕۆشنبیرانی سنورەکەشدایە بەئامانجی بەرهەمی زیاترو کاریگەری زیاتر بۆ گەشانەوەی کوانووی ڕۆشنبیری سنورەکە، لەهەمانکاتدا نابی هەڵوێستی هاوبەشی کردنی کاری پێکەوەیی (بزافی ڕۆشنبیریی سلێمانی) لەبەرچاو نەگیرێت و پێویست دەکات هەدوولا ئەوپەڕی دەستخۆشانەیان پی بگووتری، هەر لەچوارچێوەی ئەم وتارەشدا تەمەننادەکەم لەسۆنگەی ئەو تێگەیشتن و ئاوڕلێدانەوەی لەپێشەوە باسمانکرد هاوکاری و چاودێری و پشتیوانی حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار لەوێوە سەرچاوەی گرتبی و سەرەتایەکی بێکۆتایی دەسپێکردنی نەپساوەی ئەو جۆرە گرنگی پێدان و لالێکردنەوەیە بێت..

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.